# ترس لەو تاریکییەی لە ناوەوەماندایە

## تێڕوانینێک لە شانۆنامەکانی ڕۆلاند شیملپفینێگ

**دانا ڕەئووف**



٢١ی ئابی ٢٠٢٦ شانۆ

شانۆ و تەکنیکەکانی دەقی شانۆیی، لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەوە لەنێو تەوژمەکانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرنیزمەوە، تا دەگاتە پۆستدراما، گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە. شانۆنامەنووسە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ تەنیا بە شێوازی کلاسیکی گێڕانەوەی چیرۆکەوە پابەند نین، بەڵکوو بەردەوام هەوڵ دەدەن و بە دیدێکی ترەوە، فۆرم، زمان و شێوازی پەیوەندی لەگەڵ بینەراندا بگۆڕن. ئەم شانۆنامەنووسانە، لەم فۆرم و تەکنیک و زمانەدا هەوڵ دەدەن ڕێگایەکی تر بۆ بەرجەستەکردنی کێشە دژوارەکانی ئەم سەردەمە بدۆزنەوە.

تەکنیکی دەقی شانۆیی، دوای مۆدێرن و تەوژمی سمبۆلیزم و پوچگەرایی، ڕێگایەکی تریان کردۆتەوە بۆ تێکشکاندنی شێواز و فۆرم و تەکنیکەکانی گێڕانەوە. گەر پوچگەرایی تازەگەرییەکی بێ وێنەیان لە چۆنیەتیی خستنەڕووی ناوەڕۆکەکانیاندا بەکار هێنابێت، ئەوە

شـــانۆنامەنووســـەکانی ئێســـتا لە ڕووی فۆرم و زمان و ناوەڕۆکەوە هەنگاوی گەورەیان ناوە، بێگومان تەوژمی شـــانۆی پوچگەرایی ئەو دەروازەیەی کردەوە و لە دوای ســـامۆیل بێکێت و یۆژین یۆنێسکۆ و ئارتور ئەدامۆف و فێرناردۆ ئارابالّ... هتد، چەندین نووسـەری شـانۆنامە دەرکەوتوون، کە ئەو ڕەوتەیان بە ئاقارێکی تردا بردووە. کاریگەرییەکانی بێکێت گەورە و لەبەرچاون، هارۆلّد پینتەر، ســـارا کێن، لاش نۆرێن، یۆن فۆســـــە، ئەنیا هیلینگ، ماریوس ڤۆن ماینبۆرگ، پیتەر ئاسمەسن و گەلێکی تر.

لەم نێوەندەدا و لەم بیست ساڵەی دواییدا، لەناو ئەو گۆڕانکارییانەدا "ڕۆلاند شـیملپفێنیگ" لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ لە ئەڵمانیاوە شوێنێکی تایبەتی هەیە. شیملپفێنیگ ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە لە خولّقاندنی شێوازێکی تر بۆ نووسینی دەقی شانۆیی؛ تەکنیکەکانی دەقی شانۆیی و هێڵە تەقلیدی و ڕاســتەهێڵی شـێوازی گێڕانەوەی گۆڕیوە و چەمک و تەکنیکی تایبەت بە خۆی دروســت کردووە، کە ئەویش لە جێگای خۆیەوە کاریگەری بەســـەر بەشـــێکی تری شــانۆنووســانی ئەوروپاوە بەجێ هێشــتووە. هەندێک لە ڕەخنەگرە ئەڵمانییەکان بەراوردی دەکەن بە بریشـــــت و هەندێکی تر بە شــــــەکســــپیر. ئۆلف پێتەر هاڵبێرگ، کە زۆربەی شـانۆنامەکانی ڕۆلاند شـیملپفێنیگ-ی لە ئەڵمانییەوە کردووە بە سـویدی دەڵێت: "لەم ڕۆدا، هیچ کام لە شــــانۆنووســــــە نوێیەکانی ئێمە، کە بە وردی چاودێری دیاردەکانی کۆمەڵگە دەکەن، بەو ئەندازەیە، وەک شیملپفێنیگ لە شەکسپیر نزیک نەبوونەتەوە."[1]

شــانۆنامەکانی شــیملپفێنیگ بە شـێوەیەکی جیاواز، بۆ نموونە پەیوەندیی نێوان ڕاســتی و ئەندێشـــە، کات و شــوێن، تاک و کۆمەڵگە، لە بەکارهێنانێکی جیاوازی زماندا دەخەنە ڕوو. زۆر جار ڕووداو لە دەقەکانی ئەم شانۆنامەنووسەدا بە شێوەیەکی نائاسایی دەڕوات، کات و شــــوێن لە چوارچێوە کلاســــیکییەکە دەردەهێنێـت، لەبری ئەوە دووبـارەکردنەوەی ڕووداوەکـان و گۆڕینی ژێنگە و هەروەهـا ڕوانگەی ڕووداوەکـانیش، بینەران دەخـاتە نـاو پرۆســەی دروســتکردنی مانای دەقەکەوە. لەم ڕووەوە، گرینگی ئەم شـانۆنامەنووسـە تەنیا لە خودی بـابەتەکـانی دەقەکـانیـدا نییە، بەڵکوو لە ســــتـایلی نووســــین و پێکهێنـانی کارەکتەرەکانیدایە. کات و شــــوێنی ڕووداوەکان دەشــــێوێنێت و گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە فۆرمێکی نائاسـاییدا بەرجەسـتە دەکات. لەبەر ئەوە، بینەران، بە شـێوەیەکی چالاکانە ناچار دەکات لەگەڵ نمایشە/دەقەکەدا کار بکەن و مانای ڕووداوەکان بدۆزنەوە.

---

[1]-بڕوانە Roland Schimmelpfennin, Sprickan genom världen, samlade pjäser, band 1, i översättning av Ulf Peter Hallberg,Spleen nordic international, 2026

زۆر جار شـــیملپفێنیگ، کێشـــەکانی مرۆڤی ئەم ســـەردەمەی ئەورووپا، تەنیایی، تاراوگە و هەســـتکردن بە بێگانەبوون، کۆچ، شـــوناس، خۆشـــەویســـتی و ترس و نائارامی ژیانی شـارسـتانی لە فۆرمێکی بزۆزدا دەخاتە ڕوو؛ کێشـەی کۆچ و کۆچبەران و ئەوەی مرۆڤ چۆن ناسـنامەی خۆی لە شـوێنێکی نوێدا دەدۆزێتەوە، بە قووڵی وێنا دەکات. مرۆڤ لەناو شار و کۆمەڵگە گەورەکاندا هەست بە تەنیایی دەکات، کارەکتەرەکان هەست دەکەن لەگەڵ دەوروبەرەکەیان، تەنانەت لەگەڵ خۆشیان بێگانەن. هاوکات دنیای مرۆڤە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە دەخـاتە ڕوو، ئـازار و کێشـــەکـانی ئەو مرۆڤە پەراوێزخراوانە لەنێو بنەمـا جیاوازەکـانی نـایەکســـانی و نـادادپەروەری و جیـاوازییە چینـایەتییەکـانـدا، بە زمـانێکی گاڵتەئامێز و هاوکات لە ڕەوشـێکی نوێدا وێنا دەکات. ئەمە جگە لەوەی مەسـەلەکانی ترس و مردن؛ لەدەســـتدان، نادیاری داهاتوو لە زۆربەی شـــانۆنامەکانیدا دووبارە دەبنەوە. دەکرێـت بڵێن، ترس لەو تـاریکییەی لە نـاوەوەمـانـدایە، هێڵێکی ســـەرەکی و گرینگی شـانۆنامەکانی پێک دەهێنێت. شـیملپفێنیگ لە چەند دیدێکەوە هەوڵی بەرجەسـتەکردنی ئەو دنیا نایەکسـانەی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئەورووپی دەدات، بۆ نموونە نەمانی بنەماکانی مۆراڵ، کۆمەڵگە پڕ لە تەنگەژەکان و هەژاری لەناو کۆمەڵگەیەکی تری پارەدار و خاوەن دەسەڵاتدا. لەم نێوەندەدا خۆشـەویسـتیش بابەتێکی ناوەندییە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ ناسـەقامگیر و ئاڵۆزن.

جۆرە ڕازونیازێک لە دەقە شـــانۆییەکانی شـــیملپفێنیگدا هەن، کە هەســـت و ســـۆزی کارەکتەرەکان، لە ڕەوشـی ڕووداوەکاندا دەشـارنەوە، هاوکات ئەم نووسـەرە باڵادەستە لە پێناسـەکردنی، یاخود بەرجەسـتەکردنی هەسـت و سـۆزی کارەکتەرەکانیدا، بێ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بیان چەســـپێنێت. کارەکتەرەکان زۆرجار هیچ ناوێکیان نییە، باسـی کەسـانێکیش دەکەن، کە ئەوانیش ناویان نییە، لەم گێژاوی بێ ناوییەدا، دیاریکردنی ژوورەکە، یاخود هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، دەمانبەستێتەوە بە چیرۆکەکەوە.

لەوانەیە توڕەیی و ترس و ناڕەزایی، هەندێک بن لە دەربڕینە دراماتیکییەکانی شـیملپفێنیگ، زیاتر هەوڵی دروســـتکردنی بارودۆخی زیادەڕۆیی و وێنەی چەواشـــەکاری ڕاســـتی و جۆرەکانی تری دوورخسـتنەوە بدات لە ڕاسـتی، تا بە شـێوەیەکی تر و لە شـوێنێکی تردا ڕاســـتییەکان دەربخاتەوە. لەم گەمەیەدا کارەکتەرەکانی بە ئاســـانی لە ڕۆڵەکانیان دێنە دەرەوە، یان ڕێنمایی دیمەنەکانی سـەر شـانۆ دەکرێت بەتەواوی لەناو دیالۆگەکاندا جێگیر بکرێن. لەگەڵ ئەوەشـدا هیچ ڕەوشـێک لە بارودۆخێکی ئەبســتراکتدا بەرجەســتە نابێت،

بەڵکوو وا لە ڕەوشـــەکە دەکات، یان دیمەنەکە بە شـــێوەیەک بەرجەســـتە دەبێت، کە لە بەردەوامییەکی هەتاهەتاییدایە. شیملپفێنیگ وێنەیەکی گەورەمان لە دیمەنێکدا بۆ بەرجەستە دەکـات، لەپڕ بێ ئەوەی بە خۆمـان بزانین، ئەو دیمەنە گەورەیە لە زومی کـامیراکەیـدا هێناوەتە پێشـــەوە و لە وێنەیەکی زۆر نزیک لە بینەرانەوە چڕی دەکاتەوە؛ بۆ نموونە لە شـــــانۆنـامەی "ئـاوە ڕەشـــەکەدا" لە چیرۆکی خولّقـانـدنی مرۆڤەوە، دەمـانبـاتە نـاو مەلەوانگەیەکەوە، کە چەند گەنجێک لە ئازادیدا هەناسە دەدەن.

**پیاوێک**

بێ جووڵە،

وەک ئەوەی دەستکاری نەکرابێت،

ئەو ئاوە ڕەشە،

لە ئاوەکەدا،

بە شەوان، ئەستێرەکانی تیایە

نزیک

و دوور

بێ جووڵە

وەک ئەوەی دەستکاری نەکرابێت

لە کاتە بێکۆتاییەکانەوە

دەستکاری نەکرابن[2]

دەقە شـــانۆییەکانی شـــیملپفێنیگ لەناو دووبارەکردنەوەی دیالۆگی کارەکتەرەکاندا، لەناو خودی ڕەوتی ڕووداوەکاندا چەقیان بەســـتووە و بە کات و ڕووداوەکانەوە تێکەڵ بوون. کات لەم دووبارەبوونەوەیەدا، لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، کە وا لە بینەر، بێگومـان خوێنەریش دەکات هەســـت بکات بوون و ژیان، بە بەردەوامی لە ژێر کاریگەریی دیدی

2-هەمان سەرچاوەی ژمارە یەک.

بێکۆتاییی ئەســـتێرەکاندان، یان لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا ڕوو دەدەن. کات بە شـــێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و داهاتوو ناڕوات، بەڵکوو دەشکێت و بەشەکانی لەناو یەکتریـدا تێکەڵ دەبنەوە. ڕووداوەکـان لەنـاو کـاتی جیـاوازدا بە شـــێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لە جووڵەیەکی بەردەوامدان. ئەم شێوازە لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤ پەیوەندییەکی نزیک و میکانیکی هەیە، مرۆڤ زۆرجار بە شـێوەیەکی ڕاســتەهێڵی، یاخود بە ڕیزبەندییەکی ڕاســـتەوخۆ بیر لە ڕووداوەکانی ژیانی ناکاتەوە، بیرەوەرییەکان، ئەندێشــە و ترس لە داهاتوو، دەتوانن ڕابردوو و ئێســتا و ئایندە لە یەک کاتدا لە مێشــکی مرۆڤدا ئامادە بن. شـــوێنیش لەم شـــانۆنامانەی شـــیملپفێنیگدا تەنیا شـــوێنی ڕوودانی چیرۆکەکان نین. شـار، ماڵ، شـەقام، هوتێل، شـوێنی کار، یان شـوێنە گشتییەکان، بەڵام ئەم شـوێنانە کاریگەری دروسـت دەکەن و دەتوانن هەسـت بە بێگانەبوون و تەنیایی لە مرۆڤدا زیاتر بکەن. هەروەها ئەم شوێنانە دەبنە بەشێک لە مانای شانۆنامەکە.

شـــیملپفێنیگ زیرەکانە بینەرەکانی دەباتە نێو وردەکارییەکانەوە و مێژووی ژیانی ئەو کەسانەی لەناو ڕەوشی یان چیرۆکێکدا کورتکراونەوە؛ بۆ نموونە، وەک لە *ئاوە ڕەشەکەدا*، هەندێک جار لە کاتی مەلەکردنێکی شـــەوانە لە کەناری شـــارێکی گەورەدا. ڕووداوەکانی شانۆنامەکانی تێکەڵەیەکە لە دیمەنی گەردوونی، کۆسمۆ، لەگەڵ شتی ملموس و ڕاستەوخۆ. کـارەکتەرەکـان، "پیـاوێک" یـان "ژنێک"، کە هەنـدێک جـار دەشـــبێتە "دەنگێک" لەنێوان هەمەچەشـــنی ڕووداوەکان و تێکەڵاوی دیالۆگەکان و ئەو شـــاعیریەتەی لە دیمەنەکاندا بەرجەســتە دەبێت، دیدێکی ڕوونمان ســەبارەت بە کارەکتەرەکان پێ دەبەخشــێت. بینەر هەســـــت بە پـاڵنەرە تـاریکەکـانی نـاوەوەی کـارەکتەرەکـان نـاکەن، بەڵکوو دیمەنە تەواونەکراوەکان، یاخود دووبارەبوونەوە بەردەوامەکان، لە ناشوێن و ناکاتدا، دیمەنەکەمان بۆ بەرجەســـتە دەکەن. هەندێک جار ســـنووری نێوان کارەکتەرەکان ڕوون نییە، ئەمەش بینەر ناچار دەکات زیاتر سەرنج بخاتە سەر دیالۆگەکان، کردار و پەیوەندییەکان.

زۆرجار کارەکتەرەکان مرۆڤی ئاســـایی و خەڵکانێکی ژیانی ڕۆژانەی ئەم ســـەردەمەن و لەگەڵ کێشـەکانی ژیانی ڕۆژانە، پەیوەندییە خێزانی و سۆزداری و فشـارە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە. هەر لەم ڕووەوە، یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی شـیملپفێنیگ پرسـیاری شـــوناس و ناســـنامەیە؛ کارەکتەرەکان زۆرجار نازانن لەگەڵ خۆیان و دەوروبەرەکەیان چۆن مامەڵە بکەن و چۆن پەیوەندی دروست بکەن، بەتایبەتی لە بابەتی کۆچ و جێگۆڕکێدا، پرسیاری، بۆ نموونە "من کێم" دەبێتە بەشێکی گرینگ لە ناوەڕۆکی شانۆنامەکانیدا. تەنیایی یەکێکە لە بابەتە دووبارەبووەکانی تێمای شـانۆنامەکانی شیملپفێنیگ. کارەکتەرەکانی لەناو

کۆمەڵگەدا دەژین، بەڵام لەناوەوە هەســــت بە نامۆیی و بێگانەبوون دەکەن. ئەم تەنیاییە هەر نەبوونی کەســــانی دەوروبەر نییە، بەڵکوو دەکرێت تەنیاییەکی دەروونی بێت؛ واتە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی تریشدا بێت، بەڵام هەست بکات کە کەسێک نییە بتوانێت بەتەواوی تێی بگات. شــــیملپفێنیگ بە بەکارهێنانی پەیوەندییە شـــکســــتخواردووەکان و دیالۆگە ناتەواوەکان ئەم هەستە بە شێوەیەکی شانۆیی دەردەخات.

زۆرجار ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو شێوازە شیعرییەی شیملپفێنیگ لە پەیوەندییەکاندا بەکاری دەهێنێت، چ لە ڕووی ناوەوە و چ لە دەرەوە، جۆرە تەکنیکێکە زیاتر شــــەکســــپیر، بە تایبەتی لە مەنەلۆگەکانیدا بەکاری هێناوە. کارەکتەرەکان هەســــتە قووڵەکانی ناوەوەی خۆیان ئاشــکرا دەکەن و پەردە لەســــەر نهێنییەکان هەڵدەماڵن و ددان بە تاوانەکانیاندا دەنێن. کارەکتەرەکانی شــــیملپفێنیگ وەک شــــەکســــپیر، ڕاســــتەوخۆ بۆ بینەرەکانی دەدوێت، خاڵە بێهێزەکانمان دەستنیشــان دەکەن، ئەو شـەڕەی لە ناوەوەماندایە دەیوروژێنن و ئەوەمان بۆ ئاشــــکرا دەکەن، کە بۆ کوێ بەڕێوەین. ئەوەی واش دەکات دەقەکانی ئەم نووسەرە شەکسپیرمان بیر بخاتەوە، ئەو بەستنەوە دینامیکییەی نێوان ژیان و ئێســــتاتیکایە. دەقەکانی شــــیملپفێنیگ لە مۆســــیقاوە نزیکن، هەســــت بە تۆن و هارمۆنیا دەکەین؛ کارەکتەرەکانی بە چاوی کراوەوە، بە نێو خۆیاندا ڕۆ دەچن، بێ ئەوەی هەست بە ونبوون بکەن. شــانۆنامەکان شــێوازێکی داســتانی لەخۆ دەگرێت، چیرۆکەکان لە ڕەوتێکی مێژووییدا، مێژووی کارەکتەرەکان لە ڕووداوەکاندا درێژ دەبنەوە و فۆرمێکی داســــتانی دەبەخشــــن بە خودی گێڕانەوەکە. ڕووداوەکان لەو چیرۆکانەدا دەتوانن بە ئاســــانی بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، بگەنەوە بە ئێستا یان ئاماژەیەک بن بۆ ئایندە.

شیملپفێنیگ وا لە بینەرەکانی دەکات، کە لەگەڵ نادیارەکاندا بگەڕێن بە دوای ئەو شتەی کە پەیوەندی بە ژیانمانەوە هەیە، وا دەکات، یان ئەو هەستەمان لا دروست دەکات، کە هەموو شــتێک و هەموو کەســێک بەشــدارە لە هەموو شــتێکدا. جۆرێکە لە ئاگادارکردنەوەیەک، کە ئەو کارەســــاتانەی بەڕێوەن، بتوانین خۆمانی لێلادەین. شــــیملپفێنیگ دەڵێت: "من هەمیشــــە ویستومە شانۆنامە بنووسم، کە بینەر هەست بکات بەشدارە-وەک سەفەرێک." بینەران وا لێ دەکات، بە شــــێوەیەکی چالاک مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن. بینەر ناتوانێت هەموو شــتێک بە ئاســانی لە لە خودی ڕووداوەکانەوە وەربگرێت، بەڵکوو دەبێت پەیوەندییە چڕ و دینامیکییەکەی نێوان بەشــــە جیاوازەکان بدۆزێتەوە. ئەم جۆرە لە شــــانۆنامە جۆرێکە لە چڕبوونەوە، وا لە خوێنەر یان بینەرەکانی دەکات پارچە بچووکەکان، لە وێنە گەورەکەدا کۆ بکەنەوە و بیــانیینەوە بە یەکەوە. شــــیملپفێنیــگ بە دووبــارەکردنەوەی ڕووداو و

دەســــتەواژەکان، کاریگەرییەکی بەهێز دروســـــت دەکات، ڕووداوێک دەتوانێت چەند جار بگێڕدرێتەوە، بەڵام هەر جارەی لە کۆنتێکســــتێکی نوێدا مانای جیاواز وەردەگرێت و بە شــێوەیەکی جودا لە تەکنیکەکەدا بەرجەســتە دەبێتەوە. لەم شــانۆیەدا، ئەکتەرەکان لەگەڵ بینەراندا، پێکەوە گەشتێک بە ناو کاتدا دەکەن، کاتی ئەو ژیانەی تیا دەژین.

زمان لەم شــانۆنامانەدا، تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گواســتنەوەی زانیاری، بەڵکوو بەشــێکە لە پێکهاتەی هونەری شــــانۆنامەکە؛ ڕســــتەی کورت، دووبارەکردنەوە و گۆڕینی ئاڕاســــتەی لەپڕی ڕووداوەکان، بەشــێکن لەو تەکنیکەی شــیملپفێنیگ بەردەوام کاریان لەســەر دەکات. هەندێک جار زمانە ســاکارەکەی، لەپڕ بە مێتافۆرێک، یاخود تێمایەکی دووبارە دەشــکێنێت. هەندێک جاریش دەنگی گێڕەرەوە و دەنگی کارەکتەر لە یەکتر نزیک دەبنەوە و ســــنووری نێوان گێڕانەوە و دیالۆگ نامێنێت. بەم شــــێوەیەش بینەر بە ئاســــانی ناتوانێت جیاوازیی نێوان ئەوەی دەگێڕدرێتەوە و ئەوەی لەســــەر شــــانۆ ڕوو دەدات، بکات. ئەم شــــێوازە زمانەوانییە دەبێتە هۆی ئەوەی شــــانۆنامەکە، هەم ســــادە و هەم ئاڵۆز بێت. ئەو زمانەی شــیملپفێنیگ بەکاری دەهێنێت، لەگەڵ ســـادەیی ڕووکەشــیدا، چەندین مانا لەخۆ دەگرێت، دەســتەواژەیەکی ســادە دەتوانێت لەناو کۆنتێکســتی جیاوازدا مانایەکی نوێ و قووڵ لەخۆ بگرێت.

شیملپفێنیگ بە جۆرێک دەنووسێت، کە هەموو بنەما و یاسا تەقلیدییەکانی دەقێکی شانۆیی، بنەما کلاسیکییەکانی ئەرستۆ و سنووری شانۆی کلاسیکی و مۆدێرنیش وەلاوە دەنێت و لە هەوڵی ئەوەدایە، فۆرمێکی تر بۆ شــــانۆ بدۆزێتەوە و بە تەکنیکێکی تر چیرۆکەکانی بگێڕێتەوە، بۆ نموونە لە فۆرمێکی پۆســــتدراماتیکیدا ســــوود لە تەکنیکەکانی ڕۆمان وەردەگرێت و نایەوێت بینەر تەنیا بینەرێکی ئاســــایی بێت، بەڵکوو دەیکاتە بەشــــێک لە پرۆســەی دروســتکردنی مانا لە دەق و هەروەها نمایشدا. لە شانۆنامەکانیدا، مانا هەمیشــە لەســــەر خاڵێکی ئامادە و دیاریکراو نییە، بەڵکوو بینەران دەبێت لە ڕێگەی گەڕان بەدوای پەیوەندیی نێوان ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان و دەقەکەدا، بگات بە لێکدانەوەی خۆی؛ لەم ڕووەوە بینەران، تەنیا وەرگر نین، بەڵکوو بەشدارن.

کات هەمیشە لە گۆڕاندایە، میلی سەعاتەکان دەگێڕێتەوە بۆ ساتەکانی بەر لە کارەساتەکان و سنووری نێوان ڕابردوو، ئێستا و ئاییندە تێک دەشکێنێت. بۆ نموونە ڕووداوێکی ڕابردوو لەناو ڕووداوێکی ئێســتادا دەردەخات، یان ڕووداوەکان لە چەند دیدێکی جیاوازەوە پێشــان دەدات. ئەمەش ئەو هەســــتە لای بینەران دروســــت دەکات، کە نەزانێت ڕووداوەکان بە ڕیزبەندییەکی "کاتی" ڕوویانداوە و بە هەستێکی نائاسایی و پڕ لە پرسیارەوە ڕووبەرووی

نمایشـەکە دەبێتەوە. دەقە شـانۆییەکانی ئەم شـانۆنامەنووسـە، لە ڕووی دراماتۆرگییەوە، ئاسـتەنگ بۆ دەرهێنەر و ئەکتەر، هەروەها بۆ بینەرانیش دروسـت دەکات. ئەو شـێوازەی شیملپفێنیگ پێی دەنووسێت زۆر لە واقیعەوە نزیک دەبێتەوە، زیاتر و بە شێوازێکی جیاواز لە ڕیالیزمی تقلیدی.

شـیملپفێنیگ توانیویەتی شـانۆ بەرەو فۆرمێکی کراوەتر و ئاڵۆزتر بەرێت. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەین، کە ئەو نوێکارییانەی کردوونی، بێ گرفت نین و هەندێک کێشەیان دروست کردووە؛ بۆ نموونە زۆرجـار مـانـای چیرۆکەکـان ڕوون نین و ڕێکخسـتنی ڕووداو و دیمەنەکان ئاڵۆزن، لەبەر ئەوە بینەر پێویستی بە هەوڵێکی هزری زیاتر هەیە بۆ تێگەیشتن و هەموو کاتێک بەرکەوتنێکی ئاسـان بە دەسـت ناهێنێت. لە هەمان کاتدا، ئەم کراوەیی و پەرتەوازییە دەتوانێت وەک بەهێزترین تایبەتمەندییەکانی شـانۆنامەکانی شـیملپفێنیگ هەژمار بکرێت. بەم شـێوەیە، ئەم شـانۆنامەنووسـە پرسـیارگەلێکی گرینگ دەهێڵێتەوە، دەربارەی هاوسەنگی نێوان هەست و بیرکردنەوە لە شانۆدا.

شـیملپفێنیگ لە لێدوانێکدا دەڵێت: "من لە گۆتینگ لەدایک بووم و لەوێ گەورە بووم، شـارێکی بچووک، بەڵام نەک تەواو بێ هیچ گرینگییەک، کە شـارێکی زانکۆییە و دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای ئەڵمانیاوە. لەو شـوێنەی هەمیشـە، یان لانیکەم زۆرجار، باران دەبارێت. لە خانوویەکی کرێگرتەییدا دەژیاین، کە نزیکەی بیست شـوقەی بچووکی تری تیا بوو. من لە سـاڵی ١٩٦٧ لەدایک بووم. سـاڵی ١٩٦٧ بۆ ئێمەی ئەڵمانەکان، لە ڕووی مێژووییەوە، تەنیا ساتێکی زۆر کەم دوورە لە ئاوشیویزەوە؛ تەنیا بیست ساڵ، هەمان ئەو ماوەیەی، کە لە ئێستاوە تا ڕووخانی دیواری بەرلین-ە. بیست ساڵ هیچ نییە."[3]

"ئەژدەهای زێڕین"[4] یەکێکە لە گرینگترین شـانۆنامەکانی شـیملپفێنیگ. ئەم شـانۆنامەیە بە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش و کۆمیدی باس لە ژیانی کۆچبەران، هەژاری، تەنیایی و ستەمکردن لە مرۆڤە بێدەسەڵات و لاوازەکان دەکات. لەم شانۆنامەیەدا، چەندین کارەکتەر و چیرۆک بەر یەک دەکەون؛ ڕووداوێـک کە لە سـەرەتـادا وەک ڕووداوێکی بچووک دەردەکەوێت، دواتر دەبێت بە بەشـێک لە کێشـەیەکی گەورەتر، کە پەیوەندی بە مەسـەلەی کۆچ و کاری نایاسـاییەوە هەیە. شـیملپفێنیگ دەربارەی چۆنیەتیی نووسـینی ئەم دەقە دەڵێت: "یەکەم هەنگاوی بیرکردنەوەم کۆبوونەوەیەک بوو لەسـەر شـەقامێک، کاتژمێر نۆی بەیانی لەگەڵ هاوڕێیەکی پارێزەرم، کە پرسـیاری لێ کردم دەتوانم بیر لە نووسـینی

---

[3]-هەمان سەرچاوە.

[4]- Der goldene Drache

شـانۆنامەیەک بکەمەوە لەسـەر کۆچبەرانی نایاسـایی، بە تایبەتیش لەسـەر بارودۆخی ئەو کەسـانەی لە زیندانی دەسـتبەسـەرداگرتنی ئەو کۆچبەر و پەنابەرانەی سـنووورداش دەکرێنەوە. ئەو پرسـیارەم لە خۆم کرد، چۆن دەبێت وێنای ئەم مرۆڤانە بکەم؟ چەندین دۆکیومێنتم دەربارەی ڕەوشـی ئەم کۆچبەر و پەناهەندە زیندانی کراوانە خوێندەوە، بەڵام پێم وابوو هەموو ئەو بابەتانە ئاڵۆزن بۆ ئەوەی بتوانرێت وەک چوارچێوەیەکی شـانۆیی بەکار بهێنرێت: کەسـانێک لە پاشـخانە کولتوورییە جیاوازەکانەوە، لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە تا ئاسـیاییەکان و ئەفریقاییەکان. ئەمەش منی گەیاندە پرسـیارێکی گرینگ: چۆن دەتوانم، وەک شـانۆنامەنووسـێکی ئەڵمانی شـتێک بنووسـم، کە بە شـێوەیەکی دادپەروەرانە ئەم بابەتە بخاتە ڕوو."[5]

ڕووداوەکانی شـانۆنامەکە لە ڕێسـتورانتێکی خواردنی ئاسـیایی (چینی) دەسـت پێ دەکات، کاتێک گەنجێکی چینی بەهۆی ئازاری زۆری ددانییەوە هاوار دەکات. چێشـتلێنەرەکان ددانە خراپەکەی دەردەهێنن، بەڵام ددانەکە بە شـێوەیەکی سـەیر دەکەوێتە خواردنی کەسـێکەوە، کە لە چێشـتخانەکە دانیشـتووە بۆ نانخواردن. دواتر لە کەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر دەگوازرێتەوە و چیرۆکە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێت.

**پیاوی سەروو شەست ساڵ**

دەمەوێت ددانەکەی لە دەمی دەربهێنم، ددانی پێشەوەی لای ڕاست،

ئەو ددانە خوێناوی و نیوەڕزیوەی کە بە هەوادا دەفڕێت.

**ژنی سەروو شەست ساڵ**

لە جووڵەیەکی کەوانەیدا بە هەوادا –

**ژنە گەنجەکە**

دەفڕێت و دەفڕێت و دەفڕێت.[6]

[5]-بڕوانە Roland Schimmelfenning, Halva månen. Samlade pjäser Band 2, Översättning av Ulf Peter Hallberg.

[6]-هەمان سەرچاوەی ژمارە ٥

شــــيملپفێنیگ بە زمانێکی ریتمئامێز و هەندێک جار گاڵتەئامێز، پرســــیارە قورســــەکانی وەک کۆچ، کاری نایاسـایی، شـوناس، قاچاخچێتی بە مرۆڤ، هەژاری، بێ مافی، پەیوەندیی مرۆڤەکان و بێدەنگی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو. گرینگیی شانۆنامەکە لەوەدایە کە تەنها چیرۆکی کۆچبەرێکی هەژار ناگێڕێتەوە، بەڵکوو چۆن کۆمەڵگە هەندێک مرۆڤ بەهۆی بێ مـافی و هەژارییـانەوە دەخـاتە ژێر ڕکێف و دەســـتی خۆی. گرینگی ئەم شانۆنامەیە، تەنیا لە چیرۆکەکەدا نییە، بەڵکوو لە شێوازی گێڕانەوە و پێکهێنانی دەقەکەدایە. شــیملپفێنیگ بەردەوام ڕوانگەی بینەر دەگۆڕێت و ڕێگە نادات چیرۆکەکە بە شـــێوەیەکی ســــادە و ڕاســــتەوخۆ بخرێتە ڕوو؛ ئەمەش وا دەکات، بینەران بەشـــداربیەکی زیاتر لە دروستکردنی مانای شانۆنامەکەدا بکات. دەتوانین بڵێین، "ئەژدەهای زێڕین" شانۆنامەیەکی ڕەخنەگرانە و مرۆڤدۆستانەیە کە بە شێوەیەکی سادە و خۆش، کێشـەیەکی قورس دەخاتە ڕوو: ئێمە تا چەند بەرپرســـیارین بەرامبەر ئەو مرۆڤانەی کە لە کۆمەڵگەدا بێدەنگ و بێ پشت و پەنا دەمێننەوە.

ڕۆلاند شـیملپفێنیگ لە ســاڵی ١٩٦٧ لە شــاری "گۆتینگ" لەدایک بووە. لە ســالانی ١٩٨٠ ـەکاندا، وەک ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد لە ئیستانبوڵ کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٩٠ بڕوانامەی لە دەرهێنانی شــانۆییدا لە موینیخ بەدەســت هێناوە، دواتر وەک یاریدەدەری دەرهێنەر و دەرهێنەر لە شـانۆکانی موینیخ، بەرلین و هامبۆرگ کاری کردووە. جگە لە شـانۆنامەکانی دیوانێکی شیعر و چوار ڕۆمانی چاپکراویشی هەیە.

لە سـاڵی ١٩٩٦دا یەکەم شـانۆنامەی خۆی لەسـەر شـانۆی Theater Oberhausen نمایش کراوە. لە نێوان ســـالانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ لە شـــانۆی شـــاوبینە، لە بەرلین وەک دراماتۆرگ و شانۆنامەنووس دەستبەکار دەبێت، دوای ئەوە لە زۆربەی شانۆ گەورەکانی ئەڵمانیادا کار دەکات. لە ســـالانی ٢٠١٢-٢٠١٣ لە زانکۆکانی ئەڵمانیا وانەی دراماتۆرگی و نووسینی دەقی شانۆیی گوتوەتەوە. ئێستا دەقە شانۆیییەکانی لە سەر شانۆی زیاتر لە٤٠ وڵات پێشــکەش دەکرێن. لە ســـاڵی ٢٠٢٤دا لەلایەن ڕەخنەگرانی شـــانۆیی ئەڵمانیاوە، بە شانۆنامەنووسی ساڵ هەڵبژێردراوە.